# ئاسایشی نەتەوەیی لە کوردستان و سەرەتایەک

**ئاسۆ حامدی**

چارەنووسی نەتەوە گەورەترە لە چارەنووسی ڕابەر و حزبەکان، ئاسایشی نەتەوە لێپرسراویەتی هەمووانە و بە هێزی هەمووان دەپارێزرێ. ئاسایشی نەتەوەی لە کوردستان کەمترین بەهای بۆ دادەنرێ و دانراوە، بیری دەسەڵاتی کۆمەڵگا لە هەوڵی مەسەلەکانی ستراتیژی هەمەلایەن و درێژخایان نیە، بەڵکو بیریان هەر لەلای مەسەلەی ڕۆژە و کەسایەتی و سەرفکردنی سامانی نەتەوەییە بۆ کۆمەلە کەسانێک و حزبێ یان دوو حزبێ لە لایەکی تر کۆمەڵگا هەر بیری لە گەڵ رابردوو دایەو هەر بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی بۆچی دایەو هەرگیز بۆ پرسیارەکانی چۆن و داهاتوو ناچێت، ئەمەش گرنگترین کێشەی کۆمەلایەتی دروست کردووە و دەکات و کۆمەڵگاش بێ چارەنووس وبێ ئارام و هەرلە بازنەیەکی داخراو دەسوڕێتەوە و بێ وەڵام نیشان دەدات ئەگەر کار وا بڕوات.

مێژووی کۆمەڵگا دووری جیاوازی هەیە و پێویستی بە ڕوو وەرگێڕانێکی ترە، نەوەکانی ئایندە دەبێ وانە لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرن، لانی کەم ئەگەر هەرنا هەڵەکان دووبارە نەکەنەوە. بەڵام نەوەی داهاتوو لەگەڵ ڕابردوو دەژی زیاتر بیر لە ئایندەی کۆمەڵگا، بەداخەوە نەوەی داهاتوو قوربانی نەوەی ئێستان و ئەمەش دەسکەوتی کەلتووری کۆمەلگاو پەروەردەن یان قوربانی ئەوانن.

ئاسایشی نەتەوەیی هەر مەیدانەکانی سەربازی و پاراستن ناگرێتەوە بەڵکو هەموو چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا یانی چۆنایەتیەکانی ( ئابووری، کۆمەلایەتی، ژینگەیی، دەورووبەر و پرۆسێسەکان) بە یەک ئاست دەگرێتەوە.

لێرەدا بە یەک ووشە قازانجی بەرزی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو قازانجەکانی فەردی و سەرکردایەتی و حزبی دایە.

ئیدارەیەکی گەندەڵ و مشەخۆر ، نەبوونی سوپای نەتەوەیی و نەبوونی یاسا و سەروەری یاسا لە ووڵات و نەبوونی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و تەندروستیەکان ، ژینگەیەکی بێ یاسایی و قوربانی جەنگ و نەبوونی یان بێ بەرنامەیی چۆنایەتیەکانی دەوروبەر و دیاریکردنی پرۆسێسەکان لەلایەن کۆمەڵە کەسانێ و بێ ئەوەی بۆ کۆمەڵگا بگەڕێنەوە یانی تەواوی کۆمەڵگا سەرەتای هەرەسی یان نەبوونی سەرەتاکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیین.

کەم بوونەوەی قەڵش و دەرز لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک و کارگێڕان و دەسەڵات داران لە لایەک لە لایەکی تر کەم کردنەوەی قەڵش و دەرزی نێوان چینە داراکان و نەدارەکان و چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان بنەمای ئاسایشی نەتەوەیی پتەو دەکەن. ئەمانە لە کوردستان هەمووی فەرامۆشن و سفری پشت فاریزەن.

جیۆپۆلتیکی ووڵاتی کوردستان ئاڵۆزە و هیچ لایەنگرێکی ئەقلیمی و ئەنتەرناسیونالی نیە، ئەمریکا لە سەنگەری دۆست و دوژمن دایە و تەنها قازانجی نەتەوەیی خۆیان بۆگرنگە دواتر هەر کەس ماڵئاوا یان وێران.

هاوکێشەکان بۆ ئاڵۆزی دەچن و ئەمریکا و هێزەکانی ڕۆژئاوا نایانەوێ نە شیش بسوتێ نە کەباب بۆ ستراتیژی خۆیان یانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند ئەمجارەش پێناسە ناکرێتەوە و میللەتی کورد ناتوانێ ئەم فاکتەرەبێ و جەخت لەسەر پێناسەکەی بکاتەوە، شەقامی کوردی خوازیاری ئازادی و پاراستنی سنوور و هەڵکردنی ئاڵاو واڵای خۆیەتی بەڵام ڕابەرانی لە دوای کورسیەکانی دەسەڵاتەوە چاویان تەنها سەر

مێژەکان دەبینێ و مجازەفە بە خۆیان و حزبەکانیان ناکەن.
چارەسەری ڕەوای مەسەلەی میللی لە کوردستان لە ویستەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەستپێدەکات، ئەمەش لەگشتدا یانی دووبارە پیناسە بوونەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیند، ئەمەش دوژمنانی گەلی کورد کردوویانە بە محال و ڕابەرانی سیاسی کوردیش ناتوانن ئەم سنوورە بپچڕینن و دەست نوێژیان دەشکێ ئەگەر وا بکەن!!.

زۆر فرسەت هات و چوو ئەوان (سەرکردایەتی سیاسی کورد) هەر لە شیرین خەودابوون و لایان نەبابوو نە باران. دوای ئۆپراسیۆنی ئازادی عێراق ، هەرەسی مەسەلەی کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردنشین و جێ بەجێ نەبوونی ماددەی 140 زەقترین نموونەیەتی.
دیپلۆماسیەتی سەرکردایەتی سیاسی کورد دووبارە شکست و فەشەلی هێنا، جا نەزانی ڕاوێژکەرانی سەرکردایەتی سیاسیە یان خودی سەرکردایەتیە.. ئەمە پرسیارە و وەڵامی ئاسانە.کە گرفتەکە دووەمیانە و هیچی تر.

میللەتی کورد لە کوردستانی عێراقدا پێویستە کارەکانی پەرلەمان و سەرکردایەتی سیاسی هەڵبسەنگێنن و ئازادی سیاسی و ڕۆژنامەیی بایی ئەوەندە فەراهەمە باس لە شکستی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی بکەن. پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتداران لێپرساون بە رامبەر بە چارەنووسی کۆمەلگا. ئەم لێپرساویەتیە دەبێ لە بەهەند وەربگیرێ و هەروا ئاسان نیە.
وولاتانی دەوروبەری کوردستان یان بەڕوونی بڵێین داگیرکەرانی وولاتی کوردستان هەرگیز دەستبەرداری کەرەستە خاوەکانی کوردستان نابن و ڕێگە خۆشکەر نابن بۆ ئازادی نەتەوەیی گەلی ژێر دەست ( مەسەلەکە ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی سیاسیە لە ناوچەکە). ڕەنگە ئەگەر چەپ لەم وولاتانە فەرمانڕەوابێ دونیا بە جۆرێکیتر بێت بەڵام ئەمەش خەیاڵێکی خۆشە و هەر لە خەونێکی شەوان دەچێ بۆ وەزعی ئێستا.
ئەمە جگە لە فاکتەری سیاسی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان، لەم هەموو مێژووە دوورو درێژەی داگیرکردنی وولات تەنانەت سەرکردایەتی سیاسی میللەتی کورد دەرسێ لە داگیرکەرانیشی فێرنەبووە.
بۆ هەر گەلێ پاراستنی کیان و هیکەلی نەتەوەیی ئاسایشی نەتەوەییە، هەر گەلێ بانگەوازی ئازادی و سەروەری بکات ناکرێ بەبێ گەشەدان بە ئاسایشی نەتەوەیی لە چوارچیوەی سنووریکی دیاریکراو دا ئەم ئازادی و سەربەستیە بە پراکتیک بکاتەوە.
گەشەدان بە ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە خۆیدا لە لێپرساویەتی مرۆڤەکان بەرامبەر بە وولات و گەل دا دەبینێتەوە لە لایەک لەلایەکی تر لێپرساویەتی دەسەڵاتە هەست و هۆشی نەتەوایەتی و یەکسانی خوازی لە نێوان هەموو گەلانی نێو وولاتی دیارکراودا گەشە پیبدات و بە پراکتیک بکاتەوە ئەوکات ئەرک و مافەکان و لێپرساویەتەکان لە یاسادا خۆیان بە ڕاستەوانەیی دەبینن و کۆمەلانی خەڵکیش ئۆتۆریتە بە سەرکردایەتی وولات و ڕابەرانی سیاسی دەدەن و ڕابەران لە ڕابەرانی فرقەیی و حزبی و ناوچەیی دەبن بە سنبولی نەتەوەیی و وولات و داخوازیەکان لە کەسایەتی ئەودا خۆدەنوێنن و ئەوانیش بە فعلی دەبن بەرابەر و سەرکردایەتی وولات.
هەڕەشەکانی ئەم دواییانەی تورکیا لە ئەنجامی نەبوون و نەپاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی چ لە باری سەنگ و سووکی هیزەکان یان دڵە ڕاوکیی شەڕ و سەرگەردانی ئاوێنەیەکی ڕۆشەنن بۆ کزی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە وولاتدا. تەنانەت بەشی هۆشیاری کۆمەڵگا و بەشی دەسەڵاتداری وولات

نەیانتوانی واقعیاتی ئەم کزیەو بێ بەرنامەیەی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی وولات لە خودی هێزەکان و پشتیوانی وولات دا بدۆزنەوە و هەموو هیواکانیان بە هێزەکانی ئەمریکایی و وولاتی دووبارە دروستکراوەی عێراق ببەستنەوە کە مالکی و دارودەستەکەی توانای پاراستنی تەنانەت ناوچەی سەوزیان نیە لە پایتەختی ئەبو جەعفەر ئەلمەنسووردا ، ئەمەش تەنها تارماییەکە بۆ مەسەلەی نێونەتەوەیی نەبێت و بەس!!!

باشترین هەڵوێستی سەرەتایی بۆ گەشەدان بە ئاسایشی نەتەوەیی وەرچەرخانیکی مۆدێرینانەیە بۆ گەشەدان بە پرۆسێسەکانی بەڕێوەبردنی وولات و دەخالەتی کۆمەڵانی خەلکە لە پرۆسیسەکانی ژیان و گوزەرانیان. لە هەمان کات چاککردنی ژیان و گوزەرانی نەوەکانی نوێ و کۆن و فەراهەمکردن و خستنەکاری بودجەکانی ساڵانە و بەرهەمی نەتەوەیی بۆ تەواوی کۆمەڵانی خەلک و هاوولاتیان.
بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی کۆمەلانی خەڵک سەرەتاییەکی پرشنگدارە بۆ بەرگری کردن لە دەستکەوتەکان.
بەم هەڵوێستانەی دەسەڵات لە کوردستان ناتوانێ بنەمایەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بۆ ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی دابڕێژێ. ئەمەش چەند فرسەتێ بەرنامەکانی ئازادی وولات بۆ دواوە پاڵ دەنێ.

ئاڵا بەرزکردنەوە و دەم چاو نەخشاندن و سروودی نەتەوەیی کاریگەری خۆیان هەیە بەڵام هەرگیز بەقەدەر ئەوە نیە کە مرۆڤەکانی ئەم ناوچەیەو سنوورە لە تەواوی خزمەتگوزاریەکان بەهرەمەند بن.
ئیستا بۆ هەموو کۆمەلانی خەڵک ڕۆشنە حزبەکانی دەسەلات و چارەنووسی نەتەوە و وولات دوو شتی جیان.
دەسەڵاتداران خۆیان خۆیان لە بەرەی گەل جیادەکەنەوەو تەنانەت لە لایەنگری جیهانیشدا روویان لە داگیرکەران و بەهیزەکانی دەورانەکان کردووە، ئێستا زۆر زەحمەتە کرێکارانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەم پشوو هەناسەیە بەرگری لە جارەنووسی گەلێ بکەن لە پاڵ تانک و تۆپەکانی ئیمپریالی جیهانی دا هەناسە دەدات.
ئاسایشی نەتەوەیی بە یەک ووشە یانی ئارام و ئاسایشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی یاسادا بۆ بازاڕی ناوخۆیی لە چوارچێوەی سنووریکی دیاریکراودا.
ئەمەش تەنها بە چاککردنی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵک لە تەواوی مەیدانەکاندا دەبێت. ئەوکات خەڵک چارەنووسی خۆی لە چارەنووسی دەسەڵاتدا دەبینێتەوەو هەرچەندە لەباری سەنگ و سووکی هیزی سەربازیدا هاوسەنگ نەبێ، بەرگری کردن لە وولات و دەسکەوتەکان دەبنە مەسەلەیەکی مان و ژیانی هاوڵاتیان.
ئەمە جگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مۆدێرنی نەوەکانی ئایندە بە بیروباوەڕی یەکسانخوازی و یەک بەهایی تەواوی مرۆڤەکانی ئەم سنوورە.
دەسەڵات لە کوردستان لە تایبەتمەندی و خزمەت گوزاریەکان بۆ گەلانی کوردستان وەجاخ کوێرە و ئاسایشی نەتەوەییش منداڵێکی مەنغۆلە...

نۆڤەمبەری 2007